
# دیوانی ئاوات حەسەن ئەمین

# لەنێوان شیعر و قسەدا




ئارام سدیق



## بەر لە خوێندنەوە روونکردنەوەیەك

ئەم بابەتەم نارد بۆ رۆژنامەی "رۆژنامە" و لەبەر ئەوەی هەندێك رستەی توندی تێدابوو (بە قسەی ئەوان) لەوێ بڵاو نەکرایەوە و برادەرێکی دڵسۆزیش کە بابەتەکەی تەقیم کردبوو وتبووی با بڵاو نەبێتەوە و خۆی پەیوەندی پێوەکردم کە نەدەبوایە من بەو زمانە زبرە ئەو بابەتەم بنوسیایە، بۆیە وتی من پێم باشبووە کە بڵاو نەبێتەوە. منیش لای خۆمەوە بەڵێنی ئەوەمدا بڵاوی نەکەمەوە، بەڵام کاتێك چەند برادەرێك ئەوەیان پێوتم کە بابەتەکەی من لەلایەن بەرپرسیار و لێپرسراوانی لاپەڕەی فەرنگی رۆژنامەوە گەیەنراوەتە دەستی کاك ئاوات، بۆیە بڕیارمدا بڵاوی بکەمەوە و تا تەفیسری ئەوەی بۆ نەکرێت کە من ترسنۆکم بۆیە بڵاو نەکردۆتەوە، کە ئەگەر بڵاو نەبوایەتەوە پەیوەندی بەو بەڵێنە ئەخلاقیەوە دەبوو کە بەو برادەرە خۆشەویستەی خۆمم دابوو.

## سەرەتا

یەکێك لە ماڵوێرانییەکانی رۆشنبیری کورد ئەوەیە کە هەرشتێکی نوسی پێی وابێت ئەمە دەبێت بکرێتە کتێب و بچێتە ئەرشیفەوە و لەریزی بەرهەمە چاپکراوەکانیدا ریزی بکات، شیعر یەکێکە لەو شتانەی کە زۆرێك لە شاعیران زۆر دەنوسن و کەم بڵاودەکەنەوە، یان کەمی بە شایەنی بڵاوکردنەوە دەزانن، بێگومان ئەمەش لای هەر شاعیرە و پێوەرێکی تایبەتی خۆی هەیە، من نامەوێ زۆر درێژە بەم قسانە بدەم و دەمەوێ بچمە سەر پەیامی ئەم نوسینە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەربکەم (دیوانی ئاوات حەسەن ئەمین)ە کە کۆی شیعرەکانی ناوبراوی لەخۆگرتووە و بەشی یەکەمی لەناوەڕاستی ئەمساڵدا بڵاوبوویەوە، ئەوەی سەرنجی منی راکێشاوە لە خوێندنەوەی کۆی ئەم دیوانەدا ئەوەیە کە ئەم دیوانە ئەوندەی قسەی تێدایە ئەوەندەی شیعر تێدا نییە، ئەمەش تەنیا قسەیەکی سەرپێیی نییە، بەڵکو لەم نوسینەدا دەمەوێ بیسەلمێنم لەراستیدا لە سەرەتادا نەمدەویست لەسەر ئەم دیوانەی کاك ئاوات بنوسم لەبەرئەوەی دەترسام تەفسیری هەڵە بۆ راکانم

بکرێت و قسەکردنەکانم لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت و نوسینەکە بخرێتە قاڵبێکی شەخسیەوە، نەک رەخنەیەک لە برادەرێک، کە من کاک ئاوات زۆر دەمێکە دەناسم و ئاشنای دنیای شیعری ئەم پیاوەم. بەڵام من پێموایە هەتا لە کەم و کورییەکانی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی نەدوێین مەحاڵە هەنگاوی نوێ بێتە ئاراوە، بۆیە دەمەوێ لێرەدا ئەوەش بخەمە روو کە من لە دوو حاڵەتدا لەسەر کتێب دەنوسم، یان کتێبەکەم زۆر پێجوانە و ناتوانم لێی بێدەنگ بم، یان بەپێچەوانەوە کتێبەکە هێندە ناشیرینە دووبارە ناتوانم لێی بێدەنگ بم. لەبەرئەوەی بەشێکی سەرەکی ئیشی نوسەر و رۆشنبیر ئەوەیە کار لەسەر جوانی بکات و هەوڵی بەدەستهێنانی بدات، بۆیە تموحی من لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەپێناوی خستنەرووی جوانیدایە و دەمەوێت ناشیرینیمان بەناوی جوانیەوە پێنەفرۆشرێت، کە بەداخەوە لەم کتێبەی کاک ئاواتدا قسەی ئاسایی کراوە بە شیعر و رای چەند عەرەبێکی خەڵەفاو(کە دەڵێم خەڵەفاو مەبەستم لەوەیە کە بێئاگان لە ئەدەبی کوردی دەنا لە ئەدەبی عەرەبیدا رەنگە رۆشنبیرییەکی زۆریان هەبێت) کە ئاگاداری شەش دێڕی ئەدەبی کوردی نین کراوەتە سەر بەرگ بۆئەوەی (بەزۆر) بیسەلمێنێت کە ئاوات حەسەن شاعیرە و شاعیرێکی گەورەشە وقبوڵ نییە وەک شاعیرێکی گەورە ناو نەبرێت.

## وشە، یان شیعر

ئێمە دەزانین کە تەنها ریزکردنی وشە نابێتە شیعر، یان تەنها بوونی قافیەی دوو رستە نابنە شیعر، یان بوونی ئاوازێک لەنێوان چەند وشەیەکدا نابێتە شیعر. شیعر لە تەنها یەکێك لەو رەگەزانە پێکنایەت ئەوەی کۆمەڵێک وشە دەکاتە شیعر بەتەنها ریزکردنیان نییە، بەڵکو گەرانی شاعیرە بەدوای نهێنیەکانی وشەدا و هەر شاعیرێك نهێنیەکانی وشەی دۆزییەوە بەشێك لە جوانی شیعری لای خۆی دەستەمۆکردووە. هەروەها بەدەر لە دۆزینەوەی نهێنیەکانی وشە شیعر لە دەیان رەگەزی تایبەتی  تر پێکدێت کە هەر شاعیرە و بەپێی شێوە و تایبەتمەندی خۆی بەکاری دەهێنێت. بەڵام لەم بەناو دیوانەی کاک ئاواتدا دەیان و سەدان رستەی نارێك و نەشاز دەبینین کە بەناوی شیعرەوە خراوەتە ئەم کتێبەوە.

لێرەدا بۆ روونکردنەوەی مەبەستم دەمەوێ چەند نموونەیەك بێنمەوە، کاک ئاوات لەشیعری (تۆ ناونیشانی دوایین شیعریت) دەنوسیت:

ئەمشەو هاتی

بویتە میوانی تەنیایی و کشوماتی..

بویتە کلی چاوی دوا ناونیشانی،

دواین شیعر..!

دەکرێت ئەم چەند وشەیەی سەرەوە ناو بنرێت شیعر، ئایا ئەمەیە شیعرە؟ یان تەنها ریزکردنی وشەیە و کاک ئاوات ناوی ناوە شیعرە، دەنا هیچ شتێك نییە ئەم چەند وشەیە بکاتە شیعر. هەروەها لەشیعرێکی تردا کە بۆ کامەران موکری شاعیری نوسیوە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

هەواڵ بەران.. هەواڵ بەران

هەواڵ بەرانی کوردستان

هەواڵ بوون بۆ گۆران

**بۆ خۆشەویستی شیعری جوان..**

**لەم شیعرەشدا دیسان توشی هەمان ریزکردنی وشە دەبین و ماناش بۆتە قوربانی وەزن و قافیە و ئەمە بێجگە لە غیابی وێنە و مەرگی شیعریەت، پێم سەیرە هەستی شاعیرێك بەوشێوەیە گوزارشت لە شاعیرێکی وەك کامەران موکری بکات، ئەمە ستایشە یان سوکایەتی پێکردنە بەو شاعیرە، هەروەها کاك ئاوات لەشیعرێکی تردا زۆرخراپ وەسفی شێرکۆ بێکەسی کردووە وەسفێك کە مایەی پێکەنینە کاك ئاوات لەو شیعرەیدا کە بەناوی (بۆ شاعیرێك) نوسیویەتی بەمشێوەیە دەست پێ دەکات:**

**(یادت بەخێرا ..**

**ئەی شاعیری وردەکاری،**

**ئەی قارەمانی بێچووە شێر**

**ئەی خۆشەویستی هەژار و**

**وشەی شیرین**

**ئەی شەیدایی مرۆڤی زەمین**

**(یادت بەخێرا**

**لەم پارچەیەشدا دیسان رستێك وشەی بێرۆح و سارد و سڕ دەبینین کە بەناوی شیعرەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی مەوزوعییەت لە شیعرەکەدا نییە مانای چی بە (یادت بەخێر) دەست پی بکەی لە کاتێکدا شێرکۆ بێکەس زیندووە و یادی مردوو دەکرێتەوە، "بێگومان ئەم رایەم موتڵەق نییە، بەڵام لە کوردەواریدا یادی کەسی زیندوو ناکرێتەوە". هەر لەهەمان شیعردا کاك ئاوات دەنوسێت:**

**مەبەستت بوو..**

**لە دووڕیانی وشەیا،**

**لە وردەکاری پیشەیا**

**شیعری بەگوڕ**

**شیعری پڕهێز**

**بۆ دوژمنانی منداڵ و ئافرەتی وڵاتی ئەڤین ئامێز،**

**بکەیتە چەتری رەحمەت**

**بۆ میللەت...**

**مەبەستت بوو**

**بیکەیتە تیژترین چەقۆ**

**تا دوژمنانی پێبکەیتە هەڵماقۆ..!**

**دیسان لەم پارچەیەشدا رووبەڕووی کۆمەڵێك وشەی زۆر ناڕێك و بێرۆح دەبینەوە کە هیچیان نەیانتوانیوە نە خزمەت بە مانا و مەدلولی شیعرەکە بکەن، نە خزمەت بە وێنەیەکی شیعری ناسك بخەنە روو، من دیسان هەست دەکەم نەك وەسفی شێرکۆ نەکراوە، کە بەحساب شاعیر دەیەوێت وەسفی بکات، بەڵکو سوکایەتی پێکراوە و خراوەتە ریزی ئاسنگەر و فیتەرێکی وردەکار. ئەوە نییە نوسیویەتی (لەوردەکاری پیشەیا). سەیرە کاك ئاوات نازانێ شیعر نوسین پیشە نییە، بەر**

لەهەر شت حەزە، پاش ئەوەش ئەوانەی شاعیرن مرۆڤی ئاسایی نین و هەستیارترن نەك (وردەكار)، چونكە ئەوە فیتەر و ئاسنگەر و.. هتد وردەكاری تێدا دەكرێت نەك شیعر. شیعر پێویستی بە خەیاڵفراوانی هەیە. هەر لەو چەند دێڕەی پێشەوە كە خرایە روو ئاماژەی بە (چەقۆ) و (هەڵماقۆ)داوە ئاخر چۆن شاعیر دەتوانێ لەڕێی چەقۆوە دوژمنان بكاتە هەڵماقۆ، ئەمە چ شیعرییەتێكە چی ناودەنرێ و چ لۆژیكێكە؟ پێموایە كاك ئاوات لەمەدا داهێنانی كردووە و وشەی (هەڵماقۆ)ی لە شیعردا بەكار هێناوە، دەنا تا ئێستا ئەم وشەیەم لە هیچ شیعرێكدا نەبینیوە بەكارهاتبێ. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەم دیوانەی كاك ئاوات بێجگە لە وشە ریزكردن هیچی تر نییە و بەدەگمەن شیعرێكی تێدا دەدۆزرێتەوە شایستەی خوێندنەوە بێت لەبەرئەوەی ناشیرینییەكانی ئەوەندە زۆرە جوانییەكانی دیار نەماوە، بەڵام ناكرێت بە تەواوەتیش سفری بكەینەوە، چونكە لەو دیوانە گەورەیەدا ئەگەر بڵێن شیعری جوانی تێدا نییە بێویژدانییە و من دەڵێم شیعری تێدایە بەڵام وشە ریزكردنەكان زۆرترە . لێرەدا نامەوێ زیاتر لەسەر ئەم باسە بڕۆم و دەچمە سەر بابەتێكی تر.

## شیعرەكانی كاك ئاوات و رای چەند نوسەرێكی عەرەب

لە پاشكۆی ئەو دیوانە پڕ لە ناشیعرییەدا كاك ئاوات رای چەند نوسەر و شاعیرێكی خلاّفاوی عەرەبی هێناوە و كردویەتی بە كوردی و خستوویەتیەڕوو،كە ئەم برادەرانە ئاگاداری ئەدەبی كوردی نین و ئەدەبی كوردیان لە رێی رۆژنامەی (ئەلئیتیحاد) و گۆڤاری سەردەمی عەرەبی بینیووە و ئەویش شیعری تەرجومەكراو ناتوانێت رۆحی شیعر بگوێزێتەوە بۆیە لە نێو ئەو شیعرانەدا كاك ئاوات دەناسن. كۆی ئەو رایانە پێدا هەڵگوتن و ستایشكردنی بێتامی كاك ئاواتی تێدایە، یەكێك لەو رایانەی خراوەتەڕوو لەسەر بەرگی دیوانەكەش ئاماژەی پێدراوە رای (د. خزعل الماجدی)یە، كەپێی وایە شیعری ئەم پیاوە بەرزە و لەئاستی شاعیرە گەورە كوردەكانە وەك (شێركۆ بێكەس). بێگومان ئەم رایە تا سەر ئێسقان هەڵەیە و مایەی پێكەنینە و پێشموایە كاك ئاوات خۆیشی قەبارەی خۆی دەزانێ و هەستیارە بەرامبەر ئەوەی ئەو لەكوێدا شاعیرە و تێكستەكانی خۆی تاكوێ بڕدەكەن ئیتر (د.خزعل) بە چ پێوانەیەك بە شێركۆی دەچوێنێت. ئەگەر ئەمە بێئاگایی نەبێت چی تری ناو دەنرێت. (د.نازم عودە)یش رایەكی تری هەیە و پێی وایە كاك ئاوات كەوتۆتە دوای تەكنیكی دوالیزمەوە. ئەمەش دیسان رایەكە كە مایەی پێكەنینە. چونكە كاك ئاوات هەرگیز لەم بوارەدا كاری نەكردووە. هەروەها هۆشەنگ دەروێش–یش دەروێشانە بە كاك ئاواتدا هەڵدەدا و دەنوسێ: ئەم شاعیرە راوی وێنەكانی ژیان و ساتەكانی تیاژیان دەكات، توانای پێكەوە گرێدانی خود و بابەتی هەیە..، ئەمەش دیسان رایەكی هەڵەیە، چونكە بێتواناییەكی زۆری شاعیر دەبینرێت لە گرێدانی خود و بابەت، بۆیە ئەم رایەی هۆشەنگیش پێچەوانەكەی راستە، رایەكی تر كە زۆر سەیرە رای (عەلی حەسەن الفون)ەیەكە دەڵێت: سەركێشی ئاوات حەسەن ئەمینی شاعیر لەو تایبەتمەندیەتیەدا بەدیار دەكەوێت لە چۆنێتی خوێندنەوەی مێژووی رۆمانسیەتی كوردی و گیانی میسۆلۆژیای فشاربەر. ئەم شاعیرە وێنای شاعیرێكی موتەمەریدە كە بە خەونەكانی بە دوای ئاسۆیەكی فراوانتردا وێڵە. ئەم نموونەیەی دوایی قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام نامەوێت ئەم نووسینە ئەوەندە درێژ بێتەوە خوێنەر بێزار بكات، بۆیە تەنها دەكرێت بپرسین كوا تایبەتمەندییەكانی شیعری ئاوات حەسەن ئەمین؟كوا و لە كوێدایە خوێندنەوەی بۆ رۆمانسیەتی كوردی كردووە؟ كوا ئەو خەونانەی بۆ ئاسۆی فراوانتری دەبات؟ بێگومان قسەكانی (عەلی حەسەن) بێجگە لە موجامەلەیەكی نەشیاو و بێتام هیچی تر نییە و هیچ بنەمایەكی لۆژیكی و زانستی نییە. دەكرێت لێرەدا بپرسین بۆ تەنها رای شاعیرێكی كورد لەم دیوانەدا نییە (بێجگە لە نامە

**تایبەتە شیعریەکەی رازی) بۆ رەخنەگرێکی کورد دیڕێکی لەسەر کاك ئاوات نەنوسیوە؟ بێگومان شاعیر و رەخنەگرێکی کورد باشتر کاك ئاوات و ئەزموونی شیعری ئەو دەناسن تا چەند عەرەبێك کە لە ئێستادا تەنها لە پێناوی مانەوەیاندا دەیانەوێت موجامەلە بکەن و نانی ئەو موجامەلەیەش بخۆن، چونکە وەك دەزانین کاك ئاوات پلەیەکی حکومی باڵای هەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری.**

## چەند وەردەکارییەك

**لەدواجاردا دەمەوێت هەندێك وردەکاری چاپکردن و هەندێك شتی تر لەسەر کۆی دیوانەکە و چۆنێتی چاپکردنی بخەمەڕوو. سەرەتا دەبێت بزانین ئەم دیوانە شیعرەکانی شاعیر لەسەرەتاوە کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانەوە تا کۆتایی (2005) خۆدەگرێت. پێموایە دەبێت ئێمە بەپێی قۆناغەکان خوێندنەوەیان بۆ بکەین، بەڵام شیعرە نوێکانی شاعیریش توشی هەمان ماڵوێرانی شیعرە سەرەتاکانی بوون و هەردەڵێ لە یەك زەمەندا نووسراون بۆ نموونە شیعری (ئازیز، جەنگی حەوتەمی عیشق، چرپە) کە لە (2005)دا نوسراون هەمان کێشەی غائیبی وێنە و ریزکردنی وشە...هتد هەست پێدەکرێت، بۆیە شیعرەکانی کاك ئاوات هەڵناگرێت بەپێی زەمەن خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، چونکە لەسەرەتاوە تا ئێستا لەسەر یەك ریتم کاری کردووە. هەروەها لەبارەی چاپکردنی ئەم دیوانەشەوە بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئەگەر کاك ئاوات بەڕێوەبەر نەبوایە لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرگیز لە چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ئەم دیوانەی بۆ چاپ نەدەکرا، دەنا سەدان کتێب و بابەتی تر هەیە کە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی رەفز دەکەن و چاپی ناکەن و شیعری چەندین لاوی تازە و شاعیری بە ئەزموون رەفز دەکەن، بەڵام لەبەر تەکلیف و لەڕوو دامان بۆ کاك ئاوات...هتد چاپ دەکەن. ئەمەش ماڵوێرانییەکی تری کتێب چاپکردنە لەم وڵاتەدا. لەکۆتایدا تەنها دەمەوێت ئەوەش بڵێم من هیچ شتێکی شەخسیم لەگەڵ کاك ئاوات نییە و ئەم نووسینە تەنها دەیەوێت شەڕی جوانی بکات و هیچیتر.**